

# پەشێو..
# بۆ خەڵکی وەک مامۆستا مەغدید پەشێو بووە!

ئاسۆ حەسەن

**لەرۆژی ٣٠/١٠/٢٠٠٢ ، یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی بۆ شاعیری گەورەی کورد دکتۆر عەبدوڵا پەشێو لەهۆڵی رۆشنبیری لەهەولێری پایتەخت سازکرد.**

**ئەو کۆڕەی عەبدوڵا پەشێو یەکەمین چالاکی رۆشنبیری شاعیر بوو لەم سەردانەی دوایی بۆ کوردستان و ئەو کۆڕە شیعرییەشی بەگەورەترین کۆڕی شیعری لەم دە ساڵەی دوایی دادەنرێ، کەچەند خەڵک لەناو هۆڵ دابوون و لە سەر پێیان وەستا بوون، هێندەش لەبەر نەبوونی شوێن بەداخەوە بەدڵساردی گەڕانەوەو لەدیداری پەشێو بێبەش بوون.**

**جگە لەم رێزو پایەی کە یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر لەنێو نووسەرو رووناکبیرو ئەدەب دۆستانی پایتەخت هەیەتی، ئەو کۆڕە جارێکی دی گەورەیی و بەجەماوەربوونی شاعیر دیاردەخات، کە هەرچەندە دەیان ساڵە پەراگەندەو دوورە وڵاتە، بەڵام لەئەدەب و رۆشنبیری و جەماوەری ئەدەب دۆستی گەلەکەی دانەبڕاوەو وەک کەسایەتییەکی رووناکبیر و خودان هەڵوێستی کوردانە ناوبانگی دەرکردووە، بێ ئەوەی هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی کاریگەری بەسەردا هەبووبێ، خۆی هەڵگری پەیامێکی کوردینییە و لەبواری شیعردا رەنگی پێداوەتەوە.**

دیارە بەختی هەولێر وایە.. هەر رۆڵەیەکی ناوو ناوبانگ دەربکات و لەهەر بوارێکی ژیاندا بێت، خەڵکانێک لەدژی دەکەونە کار، وەک ئەوەی نابێ ئەم شارە مرۆڤی زاناو ناوداری لێ هەڵبکەوێ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسایەتییە لە بنەماڵەیەکی هەژارو رەنجدەر بێ. ئەوەی پتریش جێگەی داخە، هەندێ جار ئەو نەخۆشی دژایەتی کردنەی ناودارانی ئەدەب و هونەر لەلایەن کەسانی بەناو (مامۆستای ئایینی - لەگەڵ رێزم بۆمامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام) دەبینرێ.

هەموومان لەبیرمانە چۆن زەکەریای هونەرمەندییان (بەمیکرۆب و بەکتریا و فاسید) لەقەڵەمدا .. وا ئەمجارەش دکتۆر عەبدولا پەشێوی شاعیر، کاتێ (بینی لەپەرلەمان و لەژێر ئاڵای بەرزشەکاوەی کوردستاندا برایەکان دەست لەملی یەکدی دەکەن و ئاشتی لەم وڵاتەدا سەقامگیر دەبێ، فرمێسکی داباراندو یەکسەر گەڕایەوە وڵاتەکەی) تا بەشداری شادی گەلەکەی بکات و بۆ چەند ساتێکیش لەگەڵ نووسەرو رووناکبیر و جەماوەری شیعر دۆستدا بکەونەوە جۆش و خرۆش، مامۆستایەکی ئایینی بەناوی (مەلا مەغدید کەریم تەها) کە وتاربێژی مزگەوتی حاجی بەکر زێڕینگرە لەهەولێر، لە وتاری نوێژی هەینی (دوای کۆڕەکە) هێرشی کردۆتە سەر شاعیرو گوایە لەو کۆڕەدا (کوفر) ی کردووەو دوعاشی کردووە (خەڵکیش دەبێ بڵێن ئامین!) کەپەشێو هەر پەشێو بێت.

پتر لە (٣٠) ساڵە پەشێو لەنێو رۆشنبیرانی کورد بەهونەری شیعری و پسپۆری لە ئەدەب و رۆشنبیری و هەڵوێستی سیاسی کوردانەی ناسراوەو پێویستی بەشایەتی ئێمە نییە و دیوانە شیعرییەکانیشی گەواهی بۆ دەدەن، لەهەمان کاتدا هەموو خەڵک دەزانن و نەمان زانیووە هیچ کاتێ بێڕێزی بەرانبەر بەئایین کردبێ و (مولحیدو کافر)بێت. بۆیە لەو مامۆستایە بەڕێزە دەپرسین کە بەرگی پیرۆزی مەلایەتی پۆشیووەو ناوی (ئیمام و خەتیبی) هەڵگرتووەو لەسەر مینبەریماڵی خوا مافی وتاربێژی و پێش نوێژی پێ دراوە.. چۆن زاتی دەکات لە ختوخۆڕا هێرش بکاتە سەرکەسایەتییەکی ئەدەبی و رۆشنبیری گەلی کورد و ئەو هەقەی بەخۆداوە شیعرەکان هەڵسەنگێنێ و (مەجاز) و (رەمز) و (فەنتازیا) ی شیعر بەیەک وشە بسڕێتەوە، ئەمە لەو کاتەی کە نەمانزانیووە مامۆستا هیچ پسپۆرییەکی لەبارەی ئەدەب و رەخنەو لێکدانەوەی ئەدەبی هەبێت.

ئەو مامۆستایە بەڕێزە.. بە چ هەقێک دەست دەخاتە نێو کاروباری ئەدەب و شیعر، لەو کاتەی ئەرکی ئەو دیارەو ئەرکی نووسەرو شاعیرانیش دیارە!.

ئەو مامۆستایە بەڕێزە بەچ لێکدانەوەو پێوەرو بنەمایەک کەسایەتییەکی وەک پەشێو لە ئیسلام بوون دادەشۆرێنێ و بەکافر ناوی دەبات و خەڵکی سادەو پاک و خواپەرستی لێ هان دەدات؟!

ئەگەر بەجەماوەر بوونی شیعرەکانی عەبدوڵا پەشێو و هەڵوێستی کوردانەی (نەک بەرپرسانی موسڵ!!)بەڵکە تەواوی دوژمنانی کوردی دڵگران کردووە، بۆ دەبێ مامۆستا مەغدیدیش لێی هەراسان بێت و ئەو گوناهەی بداتە پاڵ و هەست و نەستی ملیۆنان خەڵکی نووسەرو رووناکبیر و شیعر دۆستی کورد لەهەموو پارچەکانی کورد بریندار بکات و رێزیان بۆ دانەنێ و مەلایەتی و مینبەری پیرۆزی مزگەوت بۆ مەبەستێکی خۆی (جاهەر مەبەستێک بێت) ئیستیغلال بکات؟!

دیسان لەگەڵ رێزم بۆ مامۆستایانی ئایینی، داواکارین لە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام لەبەرانبەر هەندێ هەڵەی ئەو مامۆستایانە بێدەنگنە بێت، چونکە وەک کورد دەڵێ (مەلاش هەڵە دەکات).. چۆن لەبەرانبەر زۆر دیاردەو هەڵەی رۆشنبیری و هونەری و دەزگاکانی راگەیاندن دەنگ و رای خۆیان هەیە.

بۆیە پێشنیار دەکەم، ئەو مامۆستایە لە وتاری رۆژی هەینی ئایندەدا داوای لێبوردن لە پەشێوی شاعیر بکات، کەبە هەڵە لەشیعرەکان گەیشتبوو. پەشێویش .. بەدوعای (مامۆستا) ی وا.. پەشێو تر نابێت. بەڵکو بۆ خەڵکانێکی وەک مامۆستا.. (پەشێو) بووە نەک بۆ خۆی!!.